
# جوان جەمیل: تا ئێستا رەخنەم لێ نەگیراوە

ئامادە کردنی:بابۆخاوێی
Babk_76@hotmail.com


جوان جەمیل ـ شێوەکار

جوان جەمیل دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە لە ساڵی 2001دا و ئێستا مامۆستایە لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی و هاوکاتیش لە قوتابخانەی "مادۆ"یە.جوان جەمیل دوای ئەوەی کە شێوەکاری بەو چەشنە پێناسە دەکات کە ئەگەر تۆ بتەوێت هەر کارێک بکەیت ئەوا بێگومان هەستێکت لە ناخدا دروست دەبێ و دەتوانی ئەم هەستە نەبینراوە بە شێوەکاری دەربخەیت،چۆنییەتی حەزی خۆی بە شێوەکاری و پێگەشتنی لەم کارەدا بەم چەشنە باس دەکات:



هەر لە سەرەتایی منداڵیمەوە حەزم لە شێوەکاری بوو هەڵبەت بە شێوەیەکی ساکار و بۆ پێگەیاندنی ئەم ئارەزووە رووم کردە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئێستاش لە مادۆ کار دەکەم و دەتوانم بڵێم کە ئەم قوتابخانەیە واتە مادۆ قازانجی بۆ من لە رووی باری هونەرییەوە لە پەیمانگا زیاترە.

رەنگی پەمەیی لە ناو کارەکانی جوان دا بێجگە لە جوانی کارەکانی یەکێک لەو شتانەیە کە سەرنجی بینەر بەرەو لای خۆی رادەکێشێت و بۆیە منیش هۆی ئەمەم لێ پرسی کە بۆچی رەنگ پەمەیت زۆر بە کار هێناوە و ئەویش هۆی ئەمەی بۆ پاکی و جوانی پەمەیی گەڕاندەوە.جوانیش بە چەشنی زۆربەی ژنانی کۆمەڵگای خۆمان نوقمی مافی ژنان و دابڕانیان لە کۆمەڵگایە و ئەمەش لە بوونی چەندین رووخساری ژن لە ناو تابلۆکانیدا دەردەکەوێت و کاتێ جوان گوتی:ژن لە کۆمەڵگای خۆمان لە زۆر شت دابڕاوە و ناتوانێ زۆرێک لە مەبەستەکانی خۆی بدرکێنێت تێگەیشتم کە بە هەڵەدا نەچووم و ئەویش بە دوای دەربڕینی ئازارەکانی ژنە لە ناو کارەکانیدا واتە جۆرێک لە فمنیزم!

زۆرێک لە هونەرمەندانی ئێمە لە کردنەوەی پیشانگا دەترسن نەوەکو رەخنەیان لێ بگیرێ،بەڵام جوان یەکێکە لەو هونەرمەندانەیە کە بە ئازایەتییەوە باسی لە کردنەوەی دوو پیشانگای خۆی لە پەیمانگا و هەروەها بەشداری کردنی لە پرۆژەیەکیشدا کرد بە ناوی سەرمەدی و ئێستاش خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداری کردن لە پیشانگایەکی تردا.

بەو پێیەیی کە جوان بە چەشنی زۆربەی رۆشنبیران لە واتای رەخنە تێدەگەشت لە وەڵامی ئەو پرسیارەم کە ئایا لە رەخنە

دەترسێت سەرەتا دوو جۆرە رەخنەناوبرد کە یەکێکیان بونیاتنەرن و پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر رەخنەی بنیاتنەری لێبگیرێت بە دڵنیاییەوە رچاوی خاڵەکانی ئەو رەخنەیە دەکات ,ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا رەخنە لە کارەکانی نەگیراوە.

پرسیاری ماڵ ئاواییم لە جوان ئەوە بوو کە تۆ لای خۆتەوە شێوەکاری لە کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت ئەویش وەك چۆن هەر لە سەرەتاوە بە روویەکی کراوەوە و خۆشەوە وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە گوتی:دەتوانم بڵێم ئاستێکی بەرزی هەیە،بەڵام زۆر شت دەبینین کە دڵسارد دەبیـــــــنەوە وەکـــــو ئەوەی کە بایەخێکی ئەوتۆ بە هونەرمەند نادرێت یان هیچ کارێکی بۆ ناکرێت لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.